# خەسڵەتەكانی دەوڵەتی تورك

د.جەبار قادر

چەمكی دەوڵەت لە توركیا واتایەكی تایبەتی هەیە وگەلێ جیاوازە لەوەی كە لە جیهانی دیموكراسیدا باوە. لە دونیای دیموكراسیدا دەوڵەت لە حكومەت وپارتە سیاسییەكان پێكدێ. لێ دەوڵەت لە گوتاری سیاسی توركیدا بونەوەرێكی پیرۆزە كە خوداوەند بە نەتەوەی توركی بەخشیوە، وئەركی هەموو توركێكە ئەو شتە پیرۆزە وبنەماكانی بپارێزێ. مەبەستیش لە بنەماكانی دید ورامانەكانی موستەفا كەماڵە. لە بەر ئەوەی ئەو دید وبۆچوونانەی موستەفا كەمال نابێ جێگەی پرسیار ورەخنە بن ، بۆیە دەبێ دەوڵەتی توركیش مایەی لێكدانەوەی جودای هاوڵاتیان نەبێ. ئەمە وای كردووە كۆمەڵێ شت لە توركیا لە دەرەوەی رەخنە وپێداچوونەوە بمێننەوە وكەس بۆی نەبێ خۆی لە قەرەیان بدات. هەر كەسێ هەوڵی بەزاندنی ئەو سنورانە بدات ئەوا خۆی لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی توركیا دەبینێتەوە .

لەم باسەدا ئەوەندە باس لەم چەمكە دەكەین كە پەیوەندی بە بابەتەكەمانەوە هەیە ، واتا خەسڵەتە سەرەكییەكانی دەوڵەتی تورك (كۆماری توركیا ) لە ساڵی دامەزراندنیەوە (1923 ) تا كۆتایی سەدەی بیستەمین .

لێرەدا بەمەبەست دەستەواژەی دەوڵەتی تورك لە جێگەی كۆماری توركیا بەكارهێنراوە. چونكە قانونەكانی توركیا وبەر لە هەموویان قانونی بناغەیی (دەستور) دەوڵەتەكەیان بە دەوڵەتی تورك راگەیاندووە . تەنانەت نێوی وڵاتەكەیش نێوێكی رەگەزیی تایبەتە بە تورك، پارە لیرەی توركییە، سوپا سوپای توركە وتەنانەت نان وقاوەش توركین .

لە كۆتایی سەدەی رابردوودا ولە ژێر فشاری یەكێتی ئەوروپاو، گەشەكردنی بزاڤی ماڧ مرۆڤ وكەمینەكان لە جیهانداو ، نەمانی شەری سارد و گۆرانكارییەكانی عیراق وڕۆژهەڵاتی نێوەراست ودونیا، كاربەدەستانی توركیایان ناچار كرد هەندێ بەخۆیاندا بچنەوە وسەرلەنوێ تێگە وچەمك ودەستەواژەكان بۆ خۆیان ودانیشتوانی وڵات پێناسە بكەنەوە . ئەم پرۆسەیە لەو ریفۆرمە قانونی وكۆمەڵایەتی وئابوریانەدا بەرجەستە بوو كە حكومەتی ئەردۆگان دەستی پێكردن بەڵام لەبەر كۆمەڵێ هۆی جیاواز نەیتوانی بیانگەیەنێتە ئەنجام .

یەكێ لە دیاردە سەرەكییەكانی ژیانی سیاسی توركیا ناتەواوی یا راستتر بڵێین شكستی ئەوەی لە جیهانی دیموكراتیدا پێی دەوترێ كۆنترۆڵی دیموكراسی دەسەڵاتی سیاسی .توركیا بە رواڵەت لە دوای شەری دووەمی جیهانییەوە خاوەن دەزگا وریسای دیموكراسییە، بەڵام لە راستیدا ئێمە لە بەردەم سیستەمێكی دیموكراسی سنوردارین . لە سیستەمی سیاسی توركیدا ناوەند وسەنگی دەسەڵات لە كن دەوڵەتە نەك هاوڵاتی .

لە باری تیۆریدا دەوڵەتی تورك لە دەزگاكانی دەسەڵات پێكهاتووە ، بەڵام لە واقیعدا دەوڵەت لە توركیا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێ. ئەو ئەنجومەنەی جەنەراڵە كودەتاچییەكان لە ئەنجامی یەكەمین كودەتای سەربازیاندا لە ساڵی 1960 دایانمەزراند.

ئەنجومەنی نیشتمانی مەزنی توركیا (پارلەمان ) وپارتە سیاسییەكان وهەموو رێكخراوە پیشەیی وئەوانەی كۆمەڵگەی مەدەنی وبەشێكی گرنگ لە میدیا وئەو ئامراز وبوارانەی كە لە سیستەمی دیموكراسی مۆدێرندا بە بیری

مرۆڤدا دێن لە تورکیا تەنها وتەنها لەو سنورەدا دەتوانن کار بکەن  کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆیانی دیاری دەکا .

راگەیاندنی کۆماری تورکیا لە 29 ئوکتۆبری 1923 لە ئەنجامی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەوە نەهاتە کایەوە ، بەڵکو لە رێگەی سەرکەوتنی سەربازی وریفۆرمی کۆمەڵایەتی وکولتوری وسیاسییەوە کە لە سەروەرا ئەنجامدران . ئەم پرۆسەیە لاڤ گۆرانێکی سەروبنی کۆمەڵگەی تورکیای بە یەك قەڵەمباز بە دانیشتوانی وڵات وجیهان راگەیاند. ناکرێ ئەوە رەتبکرێتەوە کە ئەم ریفۆرمانە هەندێ گۆرانکاری گرنگیان هێناوە کایەوە . بۆ نموونە گەشەکردنی ئابوری دەستی پێکرد ، پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی تورکیدا گۆرانی بەسەردا هات وسیستەمی سیکولاری (عەلمانی) بە زۆر بە سەر کۆمەڵگەدا سەپێنرا .

بنەمای ئیدیۆلۆژی ئەم پرۆسەیە دید ورامانەکانی موستەفا کەمال بوو کە بە کەمالیزم لە مێژوودا نێوی دەرکرد. ئیدیۆلۆژی کەمالیزم لە بیری فاشیزمی مۆسۆلینیەوە سەرچاوەی گرتووە . کەمالیزم تاوەکو ئێستاش بنەما وکۆڵەگەی دەوڵەتە لە تورکیاو وەکو خودی موستەفا کەمال بەپیرۆزی لە دەروەی مشت ومر ورەخنە پارێزراوە . کەمالیزم ئیدیۆلۆژییەکی ناسیۆنالیستی رەگەزپەرەستی توندرەوە ولە بیری ئەوەدایە کە گەلانی فرەرەگەز وفرەکولتوری تورکیا پێکەوە لە سنورێکدا بەزۆر رابگرێ . زەمینەی ئەم پێکەوە راگرتنەش هەڵبەتە زمان و کولتور ودەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستی تورکە.

کەمالیزم گوتار ورامانێکی پەپولیستانەیە ( شەعبەوی ) بەو واتاییەی کە ناکۆکی چینایەتی، ئاینی وئەتنیکی رەتدەکاتەوە، بۆیە لە تورکیا رێگە نادرێ بە دامەزراندنی گروپ ورێکخراوی سیاسی وکولتوری وتەنانەت کۆمەڵایەتیش لە سەر هیچ یەك لەو بنەمایانە.

یەکێ لە پرینسپەکانی کەمالیزم (ئەتاتیزمە) بەو واتایەی کە دەوڵەت لە سەروەرا چاودێری لە ئابوری دەکا وریفۆرمەکان بەرێوە دەبا وباری ئابوری وڵات کۆنترۆڵ دەکا. هەرچەندە ژیانی ئابوری تورکیا ساڵانێکی زۆرە دەستبەرداری ئەم پرینسپەی موستەفا کەمال بووە ، لێ هیچ کەسێ ناوێرێ  بەیەکجاری ئەو پرینسپە بەگۆر راسپێرێ .

دەوڵەتی کەمالیزم دەوڵەتێکی عەلمانیە نەك بە واتای جیاکردنەوەی دەوڵەت وئاین لەیەکتری ، وەکو لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان چەمکی سکولاریزم لێکدەدرێتەوە ، بەڵکو بەو واتایەی ئاین رادەستی دەوڵەت کراوە .حکومەت هەموو خەرجەکانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی وەکو موچەی مەلا وبەرنوێژکەران ودروستکردنی مزگەوت وپێگەیاندنی مەلا وپیاوانی ئاینی ، هەموو ئەمانەش تەنها لە سەر ئەو مەزەبەی کە دەوڵەت لە سەردەمی ئۆسمانیەوە بە مەزەبی خۆی رایگەیاندووە واتا مەزەبی سوننی. بەم کارەشی دەوڵەت سێیەکی دانیشتوانی وڵاتی ، کە عەلەوین خستۆتە دەرەوەی ئەم سیستەمەوە. دەوڵەتی تورك لە رێگەی (سەرۆکایەتی کاروباری ئاینی) کۆنترۆڵی ئاین لە تورکیا دەکات. لە هەشتاکانیشەوە ئەم دەزگایە بۆتە ئامێری سەرەکی کاریگەریی دەوڵەت لە سەر هاوڵاتیانی تورکیا لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا. قانونی مەدەنی بە فەرمی لە تورکیا جێگەی شەریعەتی ئیسلامی گرتۆتەوە

کەمالیزم هەوڵێکی توندرەوانەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تاك نەتەوە وتاك زمان  وتاك کولتور لە نێو سنورێکدا کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی سەربازییەوە هاتۆتە کایەوە ، نەك دەربری خەون وئاواتی خەڵکانێکە کە چارەنوسی مێژوویی وجوگرافی وای لێ کردوون حەز بکەن پێکەوە بژێن. واتا لێرەدا دەوڵەت لە پێشەوە دێ نەك نەتەوە. وئەرکی سەرەکی دەوڵەتیش سیاسەت کردنە نەك دەسەڵات ونوێنەرایەتی راستەقینەی دانیشتوان .

ئەم شێوازەی دەوڵەت کە لە تورکیا باڵادەستە رێك وپێك دژبەری سیستەمی پلورالیزمە، کە تێیدا ماف گروپە جیاوازەکان دابین دەکرێ ودیموکراسی شێوازی راستەقینەی خۆی وەردەگرێ لە رێگەی رێساکانەوە کە ماف وئەرکی هاوڵاتیان ورێکخراوەکان دەستنیشان دەکەن.

ئەم سیستەمەی تورکیا رێگرە لە بەردەم گەشەکردنی چەمکی هاوڵاتێتی مۆدێرندا کە لە سێبەریدا هاوڵاتیان وئەو رێکخراوانەی سازیان دەکەن بۆ بەشداری کردنی چالاکانە لە پرۆسەی مۆدێرنیتە وگەشەکردندا مەودای خۆیان وەردەگرن.

مۆدێلی ئۆتۆریتێریٚ تورکی یەکخەر وگشتگرە وهەوڵدەدا لە ژێر پەردەی یەکسانی دانیشتوانی ولاٚتدا هەموو هاولاٚتیان بەزۆر بکات بە تورك. بۆ راگرتنی ئەم یەکێتیەهەبوونی دوژمن دەرمان وچارەسەرییە ، بۆیە لە گوتاری سیاسی تورکیدا باسکردن لە دوژمنانی گەل ونیشتمان باس وخواسێکی سەرمەدییە. پرۆسەی درۆستکردن وبەرهەمهێنانی دوژمنی نویٚ کارێکی بەردەوامی دەوڵەت ودەزگاکانی میدیایە لە تورکیا. ئەو دوژمنانە هەرەشە لە یەکێتی وهارمۆنی نەتەوەی تورك وکۆماری تورکیا دەکەن. ئەمانە لە گۆر گوتاری سیاسی تورك چواردەوری تورکیایان گرتووە ولە نێوخۆی ولاٚتیشدا دەست وپێوەندیان هەیە کە کوردن ، ئەرمەنن ، کۆمۆنیست وموسوڵمانانی توندرەون . لەو گوتارەدا تورك بێکەسە وهەموو دونیا دوژمنێتی چونکە بە وتەی ناسیۆنالیستانی تورك، هەموو دەوڵەتان وگەلانی دونیا ئیرەیی بە تورك دەبەن بۆیە تورك لە تورك زیاتر دۆستی نیە ویەك تورك بەدونیا ناگۆردرێتەوە(1).

ئەم دوژمنانە دەتوانن ولاٚتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بن ، وەکو لە کاتی ئالۆزی وناکۆکیەکاندا لە نێوان هەردوو ولاٚتدا دێتە کایەوە ، یان رووسیا بیٚ بەهۆی ململانێی هەردوولاوە لە ئازەربایجان وئاسیای نێوەراست، یا هۆڵەندا بیٚ بە هۆی ئەوەی رێگەیدا بە پارلەمانی کوردستان لە دەروەی ولاٚت لێرە کۆبونەوەی یەکەمی خۆی گریٚ بدا، یا فەرەنسا بیٚ چونکە دانی ناوە بە جینۆسایدی ئەرمەندا ، یا ئڵمانیا وئوتریش بن کە جار جار لە دژی ئەوە بوونە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا یا نیلسۆن ماندێلا بیٚ کە خەلاٚتی ئەتاتورکی رەتکردۆتەوە .

لە بواری دوژمنانی تورکیا رەنگبیٚ پێویستی بەوە نەبیٚ ئاماژە بە ئەرمەنستان ، یۆنانستان ، بولگارستان وقوبرس وهەرێمی کوردستان بکەین ، کە لە گوتاری سیاسی ورەسمی ئەو ولاٚتەدا بە دوژمنی ئەبەدی نەتەوەی تورك ودەوڵەتی تورکیا پێناسە دەکرێن .

لیستەی دوژمنانی دەوڵەتی تورك لە گۆراندایە ولە بەر رۆشنایی ئەم دیدە ناسیۆنالیستە لەرزۆکە ئەو دوژمنانە هاوبیر وهاوئامانجیان لە نێوخۆی ولاٚتدا هەیە کە ئامادەن بۆ پیلان گێران لە دژی یەکێتی نەتەوەی تورك ونیشتمانەکەی.

هەر ئەمەشە دەبیٚ پاکانەی تەواو بۆ ئەوە بکات کاتیٚ دەوڵەت لە دژی ئەو دوژمنانە دەکەوێتە خۆ وبێبەزییانە سەرکوتیان دەکات وهەموو پیلانەکانیان تێکدەشکێنیٚ بەر لەوەی زیان بەو یەکێتیە بگەیەنن .

تاوەکو ساڵی 1945 سیستەمی تاك پارتێتی لە تورکیا لە کاردا بوو، لیٚ لە ساڵی 1946 یەکەمین هەڵبژاردنی گشتیی لە مێژووی تورکیادا ئەنجامدرا. ئەو پرۆسە دیموکراسیە لە دواییدا کۆسپی گەورەی هاتە پێش، بۆیە نەبووە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی راستەقینە لەو ولاٚتە .

لێرەدا گرنگە باس لەو رۆڵە مەزنە بکەین کە سەرکردەکانی سوپا، وەکو پارێزەرانی میراتی ئەتاتۆرك ، داویانە بە خۆیان بۆ دیارکردنی سنورەکانی گۆرەپانی سیاسی کە دەبیٚ سیاسەتی تێدا بکریٚ. دەربازکردنی ئەو سنورانە دەبێتە مایەی تێداچون .

جەنەراڵەکان ئەم هێز وسەنگەی خۆیان لە رێگەی دەرخستنی هێز ، کۆبوونەوە وبلاٚوکردنەوەی پەیام وناردنی بیرخەرەوە وتەنانەت هەرەشە کردن لە سیاسەتمەداران وکاربەدەستانی دەوڵەت پیشان دەدەن. هەموو ئەوانەی لە رێگەی کەمالیزم لادەدەن دەبنە ئامانجی جەنەراڵەکان . جاران ئەو کارەیان لەرێگەی کودەتای سەربازی ئاشکراوە ئەنجامدەدا وەکو لە ساڵانی 1960 ، 1971 و1980 روویاندا کاتیٚ جەنەراڵەکان راستەوخۆ دەسەلاٚتیان لە ولاٚت گرتە دەست ، یا کودەتای کۆشك لە رێگەی تۆقاندنی کاربەدسەتانی بالاٚی ولاٚتەوە بۆ ئەوەی دەست لە کار

بکێشنەوە وگۆشەگیری هەڵبژێرن .

سوپا لە مێژووی تورکیا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. دەوڵەتی ئۆسمانی بەرهەمی شەری داگیرکەری وفراوانخوازی وتالآنکاری بوو . بۆیە لەو ئیمپراتۆریە بەرینەدا سەردارانی سوپا وپاشاکانی بەسەرۆکایەتی سوڵتان خاوەن دەسەلآتی رەها بوون. شێخولئیسلام ودەزگای رەسمی ئاینیش پشت وپەنای دەروازەی بالآ بوو.

سەرکەوتنی موستەفا کەمال بە سەر داگیرکەرانی بیانیدا لە سالآنی 1919 – 1922 ئەوەندەی تر رۆڵی سوپای لە ژیانی سیاسی تورکیادا بەهێز کرد. کاربەدەستانی سەرەکی دەوڵەت ٌلە چارەکە سەدەی یەکەمی مێژووی کۆماری تورکیادا پیاوانی سوپا بوون .

پارتی گەلی کۆماری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1950 دەسەلآتی لەدەسەتدا وپارتی دیموکراتی بوو بە خاوەن دەسەلآت لە تورکیا . جەنەراڵەکان بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان لە دەست نەدەن کودەتای سەربازی ساڵی 1960 ئەنجامداو دوای ئەوەش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییان پێکهێنا کە تاوەکو ئەورۆش هەموو سەرەداوەکانی دەسەلآتی لە تورکیا بەدەستەوەیە.

جەنەراڵەکان بە هۆی شەری سارد وپێگەی جیۆسیاسی تورکیاوە لە سەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت وئەندامەتی تورکیا لە ناتۆ لە ساڵی 1952 توانیان دۆستایەتی وهاوپەیمانێتی ئەمریکا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

لە گەلێ ناوەندی سیاسی وزانستی رۆژئاوادا بە هەڵە رۆڵێکی پێشکەتنخوازانە بە سوپا وجەنەراڵە تورکەکان دەدرێ . ئەمانە وەکو پارێزەرانی سیستەمی سیکولاری ودیموکراسی لە تورکیا لە قەڵەم دەدرێن و گوایە لە کاتی پێویستدا رادەبن ودەسەلآت دەگرنە دەست وگروپ وسیاسەتمەدارە گەندەڵ ودواکەوتوخوازەکان کەناردەخەن ودوای ئەوە دەگەرێنەوە بۆ سەربازگەکانی خۆیان وچانسێکی نوێ دەدەنەوە بە پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیا . ئەم لێکدانەوەیە دروست نیە هیچ نەبێ لەو خاڵەدا کە ئەوەی سوپا دیپارێزێ واتا کەمالیزم ئیدیۆلۆژییەکی تا سەر ئێسقان نادیموکراتی وشۆڤینیە.

یەکەمین جار جەنەراڵەکان لە 27 مایسی 1960 دەسەلآتیان گرتە دەست ورژێمی جەلال بایار – عەدنان مەندەریسیان لە سەر کار لابرد. کەمالیزم لە پارتی دیموکراتیدا یەکەمین نەیاری سیاسی خۆی بینی . بەلآم ئەو پارتەش بۆ خۆی نادیموکراتی ودەسەلآت پەرست بوو، لە ماوەیەکی کورتدا نەیارێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد تەنانەت لە نێو خودی پارتەکەشدا. ئەوەش زۆر بەروونی لە کاتی کودەتا سەرەبازییەکە بەدیار کەوت کاتێ سوپا لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا دەسەلآتی لە سەرانسەری وڵات گرتە دەست وکەس ئامادە نەبوو بەرگری لێ بکات (2 ).

لە شەستەکاندا ولە سەردەمی شۆرشی قوتابیانی فەرەنسا وئەڵمانیاو ئەمریکا وشۆرشی گەلانی کۆلۆنیاکان، کەمالیزم لە قوتابیان ورۆشنبیران وبەرەی چەپا نەیارێکی سیاسی نوێی لە بەرامبەر خۆی بینیەوە. چەپە توندرەوەکان لە سەرەتای هەفتاکانەوە خۆیان جودا کردەوە بەوەی خەباتی چەکداری وشەری پارتیزانی نێو شارەیان لە دژی دەوڵەت هەڵبژارد ، ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت وبەهێزکردنی گروپە ناسیۆنالیستە توندرەوەکان بە پشتیوانی راستەوخۆی دەزگاکانی دەوڵەت .

یەکێ لەجەنەراڵە بەهێزەکانی کودەتای 1960 ئەڵپ ئەرسڵان تورکێش (Alparslan Türkeş) لە ساڵی 1965 پارتێکی فاشی (پارتی بزاڤی نەتەوەیی MHP )لە چەشنی پارتەکانی بەر لە شەری دووەمی جیهانی پێکهێنا . پرۆگرامی پارتەکەی تورکێش رەگەزپەرست ودواکەوتووخواز بوو. لە تەك ئەو پارتەش رێکخراوێکی نیمچە سەربازی دامەزرێنرا بە نێوی ئیدیالیستەکان ( ǘlkǘcǘ ) کە زیاتر لە ژێر نێوی ( گورگە بۆرەکان ) نێوی دەرکرد . ئەم رێکخراوەیە بە پشتیوانی دەوڵەت پەلاماری گروپە چەپ وکوردییەکانی دەدا .

باری سەختی ئابوری ودابەشبونی خوێندکاران ولاوان بە سەر چەپ وراستدا وپەرەسەندنی بزاڤی دژ بە ئەمریکا لە تورکیا وپێکدادانی گروپە توندرەوەکان لە شارە گەورەکان وزانکۆکانی وڵات ئەو چرکەیە بوو کە جەنەراڵەکان

بەهەلیان زانی بۆ ئەوەی کودەتای دووەمینی خۆیان لە 12 ئازاری 1971 ئەنجام بدەن . لە ڕێگەی بیرخەرەوەیەکی هەرەشەئامێزەوە ڕۆژەڤی خۆیان بەسەر کاربەدەستان وسیاسەتمەداراندا سەپاند وباری نائاساییان لە وڵات ڕاگەیاند کە دوو ساڵ ونیو درێژەی کێشا .

هێزە راسترەوەکان ( گورگە بۆر وکەماندۆکان ) بە پشتگیری ڕاستەوخۆی دەزگاکانی دەوڵەت کە لە لایەن حکومەتی بەرەی نیشتمانیەوە دەبرا بەرێوە وپارتەکەی تورکێش بەشداری تێدا دەکرد ، کەوتنە ڕاماڵینی چەپەکان وناچاریان کردن پەنا ببەنە بەر خەباتی ژێرزەمینی. دەزگاکانی ئاسایش وپۆلیس پەیوەندی توند وتۆڵیان لە گەڵ پارتەکەی تورکێشدا هەبوو وئازادی گەمەی خوێنرشتنی چەپەکانیان بۆ گورگە بۆرەکان بە تەواوەتی ڕەخساندبوو.

لە هەفتاکاندا گورگە بۆرەکان هەڵمەتێکی تیرۆریان وەگەر خست وژمارەیەك خەڵکیان کوشت کە هیچ پەیوەندییەکیان بە گروپە توند وتیژەکانی چەپەوە نەبوو. ئەمانە قوتابی ومامۆستا، ڕابەرانی سەندیکا، کتێب فرۆشبوون بوون . شەری بەرەکانی چەپ وراست ناهاوتا بوو چونکە گروپە ڕاسترەوەکان پشت ئەستوور بوون بە یارمەتی وچاوپۆشینی دەزگاکانی دەوڵەت.

هەر لەو کاتەشدا بوو پارتی بزاڤی نەتەوەیی تۆیی دووبەرکی ورق وکینەی لە نێو گەلان وگروپە ئەتنیکیەکانی تورکیادا زیاتر دەچاند بە تایبەتی لە دژی کورد وکەمینە نەتەوەییەکانی وڵات .

لە کۆتایی هەفتاکاندا قەیرانی ئابوری سەخت سەرتاپای تورکیای گرتبۆوە وناسەقامگیری سیاسی وپێکدادانی گروپەکانی چەپ وراست زانکۆ وشارە گەورەکانیان کردبووە گۆرەپانی شەر وبەسەدان کەس لەو بگرە بەردەدا ژیانیان لە دەستدا وتورکیا لە لێواری شەری نێوخۆدا بوو . ژمارەی کوژراوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو .لە ساڵی 1974 بیست وحەوت کەس کوژران. ساڵی دوای ئەوە ژمارەی کوژراوان گەیشتە سی وحەوت، لە ساڵی 1976 ژمارەکە گەیشتە سەد وهەشت وساڵی دوای ئەوەیش گەیشتە سێ سەد ونۆزدە ، تا ساڵی 1979 ، واتا یەك ساڵ بەر لە کودەتای 12 ئەیلولی 1980، ژمارەی کوژراوانی ململانێی چەکداری توندرەوانی چەپ وراست گەیشتە هەزار کەس.

گەلێ نووسەر وچاودێری سیاسی وای بۆ دەچن کە سەرکردەکانی سوپا ئاگری ئەو شەرەیان خۆش دەکرد ولەپشت ئەو گۆبەنەوە بوون بۆ ئەوەی لە دواییدا وەکو پاکانە بۆ کودەتاکەیان بەکاری بێنن. بۆ لێکدانەوەی کودەتای 1980 ناکرێ باری ئاڵۆزی ناوچەکە لە بەر چاو نەگرین. هاتنی خومەینی لە ئێران وباری ئاڵۆزی بەر لەشەری نێوان عیراق وئێران وگەشەکردنی بزاڤی کورد لە باشور وڕۆژهەڵات وتا ئەندازەیەکیش لە باکوری کوردستان ئەو فاکتەرانە بوون کە ڕۆڵیان لە ڕوودانی ئەو کودەتایەدا بینی (3 ).

هەندێ نوسەری تورك ساڵانێك دوای ئەو ڕۆژانە باسیان لەوە دەکرد کە دەکرا دەمانچەیەك سەر لەبەیانی بۆ کوشتنی چەپێك بەکار بهێنرایە وبۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە دەستی چەپێکەوە بوایە بۆ ئەوەی ڕاسترەوێکی پێ بکوژێ .

لەو ڕۆژانەدا تورکیا ببوو بە بەهەشتی قاچاخچیانی چەك وهیرۆیین . بەپارەی هیرۆیینی فرۆشراو لە دەرەوەی تورکیا چەك دەکررا ورەوانەی تورکیا دەکرا بۆ ئەوەی لاوانی چەپ وراست یەکدی پێ بکوژن . یەکێ لەوانەی ئەم کەین وبەینەی ئاشکرا کرد وسەری خۆی لەو ڕێگەیە دانا ڕۆژنامەوان وتوێژەر ئوغور مومجو بوو (Uğur Mumcu) (4).

بۆ دەرخستنی زەبەلاحیی بازرگانی چەك ئاماژە بەم چەند ژمارەیە دەکەم . لە ساڵی 1980 بۆ 1984 دەستگیرا بە سەر 638 هەزار دەمانچە، چوار هەزار ڕەشاشی ئۆتۆماتیکی ،چل وهەشت هەزار تفەنگ، حەوت هەزار کەلاشنیکۆف وبیست وشەش ڕاکێتهاوێژ و یەك تۆپهاوێژ(5) .

لە 12 ئەیلولی 1980 جەنەراڵەکانی سوپای تورك جارێکی تر کودەتایەکی سەربازییان ئەنجامدا ودەسەڵاتیان لە وڵات گرتە دەست . سەرکردەی کودەتاکە جەنەراڵ کەنعان ئەڤرەن Kenan Evren پارتە سیاسییەکان وکۆمەڵێ

سیاسەتمەداری دیاری تورکیای وەکو دیمیرێل وئەجیڤیت وگەلێکی تر لە چالاکی سیاسی قەدەغە کرد .

دەستورێکی نوێ دانرا وبەزۆر سەپێندرا بە سەر خەڵکا لە رێگەی راپرسییەکی روکەشیەوە. گەلێ لەو مافانەی دەستوری 1961 بە هاولاٌتیانی تورکیای رەوا بینیبوو لە دەستوری نوێدا لە خەڵك وەرگیرانەوە(6).

بەدەیان هەزار کەس بەتایبەتی لە کورد وچەپ لە بەردەم دادگا سەربازییەکاندا دادگایی کران وبە ساڵانێکی زۆر سزا دران وکەسانێکی زۆریش بە سزای مەرگ سزا دران. کودەتاچییەکان خۆیان بە دابینکەری ئاسایش وپارێزەرانی سەروەری قانون بەخەڵك دەناساند. بۆ ئەوەی خەڵك باوەریان پێبکات هەندێ لە راسترەوەکانیش لە زیندان قایم کران، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ نەبوو . ئەو خەڵکەی کە لە ئاژاوە و شەر وشوری چەپ وراست بێزار ببوون وئامادە بوون لە پێناو پاراستنی سەری خۆیان وکەس وکاریاندا بێ دەنگ بن لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کودەتاچیەکان دژی پارت ورێکخراوە سیاسیەکان وسیاسەتمەدارانی تورك، کە بێدەسەڵاتی ودەستەپاچەیی خۆیان لە مەر رووداوەکان لەپێش کودەتاکە بۆ هەموو لایەك دەرخستبوو .

لە ساڵی 1983 رابەرانی کودەتاکە دەستیان بەوە کردەوە کە لە سنورێکی دیاریکراودا هەندێ مافی سیاسی وژیانی پارتایەتی بگەرێننەوە بۆ هەمان بژاردەی سیاسی لە چوارچێوەی بیری کەمالیزمدا. هەندێ لەمانە، بە تایبەتی ئیسلامییەکان بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان ، لە ساڵانی دواتردا هەوڵیاندا لە رێبازی کەمالیزم هەندێ لابدەن، لێ ئەنجامی ئەو هەولاٌنە تاوەکو ئێستا بێ ئاکام بوونە وجەنەراڵەکان توانیویانە هەموو داوەکان لە دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە وئەوەی هەوڵی ئەوەی دابێ لە دەرەوەی ئەو بیرە چالاکی سیاسی بکات ئاکامی شکست بووە وەکو ئەوەی لە گەڵ ئەربەکان وپارتەکەی پارتی رەفاهی ئیسلامیدا روویدا .

لەو کاتەدا لە تەك ئەو پارتە بە رەچەڵەك ئیسلامیەدا دوو پارتی سیاسی بە نێو سۆسیال – دیموکراتیش هەبوون کە پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتی دەنیز بایکاڵ و پارتی چەپی دیموکراتی بە رابەرایەتی ئەجیڤیت (ئەجەوید) بوون .

پارتە سیاسیەکانی دی دەکەونە لای راستی شانۆی سیاسییەوە وئەمانە زیاتر پارتگەلێکن کە لە دەوری کەسانێك کۆبونەتەوە ولە سەر خوان ومیراتی رابەرە سیاسییەکانی رابردووی ئەو پارتانە دەژێن.پارتی نیشتمانی دایك، لە هەشتاکاندا بە سەرۆکایەتی تورغوت ئیوزال لە سەر دەسەڵات بوو ولە دوای مردنی لە ساڵی 1993 مەسعود یڵماز بوو بە رابەری لە گەڵ پارتی رێی راست بە سەرۆکایەتی تانسو چیلەر گەیشتنە دەسەڵات ، ئەمیش میراتی سلێمان دیمیرێل بوو کە ئەو کاتە ببوو بە سەرۆکی کۆماری تورکیا . ئەم پارتانە هەموویان خۆیان بە پارێزەری میراتی ئەتاتورك بەخەڵك دەناسێنن وباڵەکانی راست وچەپ ونێوەراستی دیمەنی سیاسی رەسمی کەمالی پێکدێنن.

سەیر لەوەدایە پارتەکە تۆتالیتارییەکەی موستەفا کەمال (پارتی گەلی کۆماری) تەنها پارتی بچوکی نێو پارلەمانی تورکیا بوو کە لە نەوەدەکان بە دەنگێکی بەرز داوای دیموکراسی دەکرد ولە دژی ئەشکەنجەی زیندانیان نارەزایی دەردەبری .

یەکێ لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی تورك ئەم ئیدیۆلۆژییە فەرمییە کە دەبێ هەرچی پارت ورێکخراوی سیاسی وبزاڤی رۆشنبیری هەیە لە چوارچێوەیدا بخولێتەوە وئەوەی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە فکرییەبخوێنێ ئەوا لە رابردوودا زیندان وئەشکەنجە وتەنانەت لە نێوبردنیش چاوەروانی دەکرد وئیستاش گۆشەگیری وپەراوێز کردن بەشێتی .

خەسڵەتێکی تری ئەم دەوڵەتە لە سەرەتای دامەزراندنێوە روو بە روو بوونەوەیەتی لە گەڵ دۆزی نەتەوەیی کوردا. کۆماری تورکیا لە سەرەتای دامەزراندنێوە سیاسەتی توند وتیژیی بەرامبەر بە کورد پەیرەو کردووە. نەك هەر دانی بە مافی ئەم گەلەدا نەناوە بەڵکو هەبوونیشی وەکو گەلێکی سەربەخۆ وخاوەن زمان وکولتوری تایبەتی خۆی رەتکردۆتەوە (7).

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دۆزی نەتەوەیی کورد دوای بێدەنگییەکی درێژخایەن جارێکی دی بە توندی سەری هەڵدایەوە.ئەم دۆزە بۆ دەوڵەتی کەمالی هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی وەکو پیشەی دەیان ساڵەی ولە گۆر تیۆری دوژمنان وپیلانەکانیان، بە دوژمنی پلە یەکی دەوڵەت رایبگەیەنێ وهەوڵی لە نێوبردنی بدات. دەوڵەتی تورك کوردی تورکیای هەمیشە بە دواکەوتوویی رادەگرت وتا ئەم دواییانەش سیاسەتی توانەوەی لە بەرامبەر پەیرەو دەکرد ودەبێ مرۆڤ دان بەو راستیەدا بنێ کە تا ئاستێکی ترسناك تێیدا سەرکەوتوو بووە .

لە شەستەکانەوە بژاردەی کوردیی لە شارەکان چالاکانە تێکەڵاوی بزاڤی چەپەکان ببوو وبەرە بەرە هەستی کوردبوون وتێگەیشتن لەوەی دەوڵەت بە مەبەست کوردستان ( یا باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە گۆر گوتاری رەسمی ) بە دواکەوتوویی و هەژاری رادەگرێ ، لە پەرەسەندندا بوو . لە هەفتاکانیشدا لە سێبەری ململانێی هێزەکانی چەپ وراستدا کوردایەتی وبەرەنگاربونەوەی پیلانی دەوڵەت زیاتر لە گەشەکردندا بوو.

لە دوای کودەتای 1980 ئەوە دیار وروون بوو کە کودەتاچیەکان کوردیان کردۆتە ئامانجێکی سەرەکی خۆیان وهەوڵی ئەوە دەدەن بە هەر شێوەیەك بێ رێگە لەو پرۆسەیە بگرن کە لە نێو کوردانداا لەپەرەسەندندا بوو ورێگە نەدەن سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێ .

کردەوەکانی جەنەراڵەکان لە دژی کوردان لە هەشتاکاندا دەکرێ تەنها لە چوارچێوەی کەمالیزمدا بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لێیان تێبگات. هەر لێرەوە بوو بەکارهێنانی زمانی کوردی تەنانەت لە پەیوەندی وژیانی تایبەتی کورداندا قەدەغە کرا. سەیر لەوەدایە کەپاکانەی کاربەدەستان بۆ ئەم هەنگاوە نامرۆڤانیە ئەوە بوو کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەیوەندییە تایبەتیەکانی  هاولاْتیاندا بۆی هەیە هەستی نیشتمانیان بەرامبەر بە نیشتمان لاواز بکات .

هەموو رێکخراوە کوردییەکان کە توندو تیژییان رەتدەکردەوە بەرگەی شالاْوی کودەتاچییەکانیان نەگرت وتوانای خۆیان لەدەستدا، تەنها پارتی کرێکارانی کوردستان بە زیندوویی مایەوە، چونکە سەرۆکەکەی عەبدولاْ ئۆجەلان توانیبووی لە ساڵی 1978 سەری خۆی رزگار بکا وخۆی بگەیەنێتە سوریا ، پاشماوەکانی بزاڤی کوردی کەوتنە دوای ئەو پارتە کە نێو کورداندا پشتگیرییەکی زۆری بەدەست هێنا .

پارتەکەی ئۆجەلان لە دەسپێکدا رێکخراوێکی تۆتالیتاری بوو بە کولتورێکی دەروێشانەی سەرکردە وتوند وتیژی پەرستیەوە . ئەو مۆدێلەی عەبدولاْ ئۆجەلان کاری لە سەر دەکرد بنەما فیکرییەکانی تێکەڵەیەك بوو لە مارکسیزم – لینینیزم وژیانی دەروێشی ئەندامانی ودید وبۆچوونی رابەرانی سەردەمی رۆمانسی شۆرشەکانی جیهانی سێیەم لە شەستەکاندا. ئەو لە گوتاری سیاسی خۆیدا بە مەبەست رووی دەمی لە گەنجی نەخوێندەواری گوند وشار بوو. لە ژێر پەردەی خۆ رزگار کردن لە کولتوری کەمالیزم ودەربەگایەتی هانی دەدان نەچنە قوتابخانەوگوێ بەخوێندن نەدەن وتەنها بە بیر وبۆچونەکانی ئەو خۆیان (رۆشنبیر) بکەن . ئەو کاتە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان مۆدێل ونموونە بوو. هەر لەم دید وبۆچونەوە بوو کاتێ لە 15 ئابی 1984 شەری پارتیزانی ( گەریلاْیی) لە دژی دەوڵەتی تورك دەست پێکرد .

لە کۆتایی هەشتاکانەوە پارتی کرێکارانی کوردستان هەندێ گۆرانی بەسەردا هات. لەو کاتەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەرەو دەرەوەی خۆی بکرێتەوە ووێنەی توندرەوانە وترسکارانەی خۆی لە بەرچاوی دۆستان ونەیاران بگۆرێ وزیاتر لە کۆمەڵگە کوردییەکان نزیك ببێتەوە . لە نەوەدەکان وای دەردەخست کە ئەو زیاتر گرنگی بە کوردایەتی دەدات ودەیەوێ ئەو وێنەیە بسرێتەوە کە وەکو پارتێکی چەپی تورکیا دەهاتە بەرچاوی خەڵك. تاوەکو ئەورۆش ئەو پرس وململانێیە لە نێوان باڵی کوردایەتی وباڵی چەپی تورکیدا لە نێو پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوامە و بۆتە مایەی سەرگەردانی ئەندامان ولایەنگرانی (8).

ئەنجامی ئەو گۆرانکارییانە راگەیاندنی یەکلایەنەی راوەستاندنی شەر بوو لە ساڵی 1993 لە لایەن پارتی

کرێکارانی کوردستانەوە وئامادەیی ئۆجەلان بوو بۆ وت وویژکردن لە گەڵ تورگوت ئیۆزالدا . لەو کاتە ئیۆزال کۆچی دوایی کرد ودەوڵەت یا راستتر جەنەراڵەکان چیللەر ویڵمازیان بە رووگەیەکی دیدا برد .
هەر لەو کاتە بوو هێزی پاسەوانانی گوند (کیۆی قوروچیلەر – بە وتە میللیەکە جاش) دامەزێنرا، گوایە بەمەبەستی پاراستنی گوندەکان لە پەلامارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەمە هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی شەر بکەوێتە نێوان کوردەوە وەکو لە بەشەکانی تری کوردستاندا ولە سەردەمی مێژوویی جیاوازدا پەیرەو کراوە .
مردنی کوردان لە هەردوو بەرەی ئەو شەرەدا پرسێك نیە مایەی ناخۆشی بێ بۆ کاربەدەستان. بە پێچەوانەوە جێگەی دڵخۆشی ورەزامەندییە. ژمارەی ئەم جاشانە 62 هەزار کەس بوو کە موچەی رەسمیان لە دەوڵەت وەردەگرت وبەوانەوە کە دڵخوازانە شەری پەکەکەیان دەکرد ژمارەکە دەگیشتە نزیك سەد هەزار کەسێك(9).
ئەم جاشانە لێپێچینەوەی کەمیان لەگەڵدا دەکرێ وقانونی خۆیان ، کە لە راستیدا بێ قانونیە یا قانونی جەنگەڵە، لەو ناوچانەدا کە دەستیان بەسەریاندا دەروا جێ بە جێ دەکەن.تاوەکو کۆتایی ساڵی 1997 سێ هەزار وپێنج سەد لەم جاشانە تۆمەتی تاوانکارییان لە سەر بوو لە قاچاخچێتی چەك وئەفیونەوە بگرە تا دەگیشتە کوشتن ودەستدرێژی بۆ سەر ژنان . سەرحەد بوجاك کە یەکێ لە دیارترین سەرۆك جاشەکانە وئەندامی پارلەمانی تورکیا بوو پەیوەندیی توند وتۆڵی بە تۆرەکانی تاوانەوە هەبوو ودەست تێکەڵکردنی لە گەڵ ئەو تۆرانە ودەزگا نهێنیەکانی تورکیا لە بواری تاوانکاریدا لە رووداوی سوسورلوکدا ئاشکرا بوو (**10**).


پەراوێز وسەرچاوەکان:

1. Y.Yeşilgöz, A Double Standard: The Turkish State and Racist Violence , in Tore Björgo and Rob Witte (red.), Racist Violence in Europe , London , 1995 , pp. 179 - 193

2 . **بروانە : د. جبار قادر ، انقلاب 1960 في تركيا – تحليل دوافعه السياسية والاقتصادية، بحث مقدم الى مؤتمر الدراسات التركية الأول بجامعة الموصل ، حزيران 1989 .**

3. دەربارەی ئەم بابەتانە وگەلێ پرسی تری تورکیای هاوچەرخ بروانە :
Feroz Ahmad , The Making of Modern Turkey , London , 1993 , p. 176 ;
Erik J. Zürcher, Een geschiedenis van het Moderne Turkije , Nijmegen 1995 ;
P.A.Andrews, Ethnic Groups in Republic of Turkey , Wiesbaden, 1989.

4. Uğur Mumcu, Silah Kaçakçılığı ve Terör, Istanbul 1982.

. Birand M.Ali, 12 Eylül, Saat :04.00, Istanbul 1984 , s.3205

6 . **د. جبار قادر ، قضايا كردية معاصرة – كركوك ، الأنفال والكرد وتركيا ، برلين – اربيل 2006 .**

7 . دەربارەی پاشخانی مێژوویی دۆزی کورد لە تورکیا تاوەکو سەرەتای هەشتاکان بروانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو .

8 . دەربارەی مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان ودید وبۆچونەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان بروانە : مێژووی پارتی

کرێکارانی کوردستان .

9. لەم رۆژانەدا بە بۆنەی دادگایی کردنی سەدام وعەلی کیمیاویەوە لە مەر تاوانەکانیان لە شالأوەکانی ئەنفالدا وسەرهەڵدانەوەی سیستەمی جاشایەتی لە بەغدا ، باس لە 250 هەزار جاش دەکرێ لە باشوری کوردستان لە سەردەمی ئەنفالەکاندا . ژمارەیەك لەمانە بەتایبەتی موستەشار وئامر مفرەزەکان تاوانەکانیان لە سەدام وعەلی کیمیاوی کەمتر نیە ودادوەری لەوەدایە هەمان سزای ئەوان بدرێن. لە تەك ئەمانەدا نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە دەیان هەزار لاوی کورد لە دۆزەخی شەری ئێران وعیراق رایان کردبوو وخۆیان لە لای ئەو تاوانکارانە ناونوس کردبوو وتەنانەت موچەکانیشیان لە لایەن ئەو خۆفرۆشانە وەردەگیرا. لە ریزی ئەمانەدا هەزاران دەرچوانی زانکۆ وپەمانگاکان هەبوون ، ئەگەر سیستەمی سیاسی تورکیا لە چەشنی ئەوەی عیراق بوایە وتوانای دارایی سەدام لە بەردەست جەنەراڵەکانی تورکیادا بوایە ، ئەوا رەنگە ژمارەی پارێزەرانی گوند زۆر لەوە مەزن تر بوایە کە هەیە. پرسی جاشایەتی پڵەیەکی رەشە بە مێژووی کوردەوە وتاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی زانستی لێی نەکۆڵراوەتە . بازاری خۆفرۆشی لە بەردەم کورداندا بازارێکی ئازاد وکراوەیە لە چەشنی ( بازارە ئازادەکەی کوردستان! ) وهیچ تەگەرەی لە پێش نیە . رابرانی بزاڤی کورد لە بەردەم مێژوودا بەرپرسیارەن لە تەشەنە کردنی ئەم دیاردە قێزەونە چ بە کردەوەکانیان لە سەردەمی شۆرشی چەکداریدا وچ بە نەپرسینەوەیان لەوانەی ساڵەهای ساڵ خۆفرشی وجاشایەتیان کردووە .

10.لەو رووداوی ئۆتۆمبیلەدا کە ئێوارەیەکی درەنگی رۆژی یەکشەمەی 3 نۆڤەمبەری 1996 لە نزیك شارۆچکەی سوسورلوك روویدا دەرکەوت کە یەکێ لە دیارترین تاوانکارەکانی تورکیا عەبدوڵا چاتلێ وئەندامی پارلەمانی تورکیا وسەرۆك جاشێکی کورد لە ئورفە سەرحەد بوجاك ویەکێ لە سەرکردەکانی پۆلیس کە لە هەمان کاتدا بەرێوەبەری قوتابخانەی پۆلیس بوو لە ئەستەموڵ ودامەزرێنەری (یەکە تایبەتیەکان) بۆ شەری پارتی کرێکاران کوردستان حوسێن کۆجەداغ وشاژنی جوانان گۆنجە ئوس پێکەوە لەو ئۆتۆمبیلەدا بوون . لەو رووداوە تەنها سەرحەد بوجاك بە بەریندار دەرچوو . بۆ ماوەیەکی زۆر سوسورلوك بوو بە سیمبولی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی نهێنی بە جیهانی تاوانکارییەوە .

بۆ زانیار ی زیاتر دەربارەی رووداوی سوسورلوك وئاکامەکانی بروانە:

; Susurluk Komisyonu Tutenakları. Istanbul , kaynak Yayinları,1997

Inci Hekimoĝlu , Vatan Yahut Susurluk, Siyasi Cinayetler , Istanbul 1997;

C.Dündar ve C.Kazdaĝı, Ergenekon, Devlet Içinde Devlet, Istanbul 1997.